# لەقەڵەم فرۆشێکەوە بۆ بەرپرسێکی زۆر زل

زۆربا

گەورەم، هەرچەندە دەبوایە خۆم بەخزمەتت بگەیشبام، بەڵام دیارە جەنابت زۆر زلیو بەندەش هاووڵاتیەکی ساکاری ئەم وڵاتەم. نە لەڕابردوو و نە لەئەمڕۆشدا، دیتنی جەنابت بۆ من مەیسەر نییە، شکور بۆ خوا تۆ دەبێ هەمیشە لەعەرشی عەلا دابیت و، لەسەردەمی هەر حوکمێکدا بێت هەر لەبانی بانەوەڕا سەیری ئێمەمانان بکەی. هەر دوێنێکە بوو کە لەسێبەری (ئەنفال) چییەکاندا، کورد لای تۆ (موخەڕیب) و کوردستان یش (شیمالی حەبیب) بوو. دیسان هەر دوێنێ بوو کە بەهۆی وەفاداریت بۆ حزبی سەرکردەی عروبەو قادسییەو دەیان تەڕەماشی دیکە مەدالیای ڕێزت بەسینەوە دەکراو، تۆش بەقەدەر هەموو دنیا شاییت پێیان بوو. ئەرێ؟ گەورەم خۆشت رادەبواردو لەسەر هێسك و پرۆسکی کوردان قەسرت درووست دەکردن و بەغدا لای تۆ جەننەتولمەئوا بوو. نازانم ئەو رۆژانەت لەبیرماوە یان نا؟ بەڵام باوەڕناکەم لەبیرت بچێتەوە! چونکە تۆ کوڕی بەهەقی حزبی سەرکردە بووی. هاوەڵەکانت کەئێستا ئەوانیش وەکو تۆن و شکور بۆ خوا هەریەکەیان دەستیان لەپۆستێکی گەورەی ئەم وڵاتە گیرە، حەسودیت پێ دەبەن، چونکە ئەوان بەقەدەر تۆ لای حزبی سەرۆکی فەرماندە عەزیزو خۆشەویست نەبوون. کە راپەڕین کرا پێیانوابوو لەسێدارە دەدرێی یان بەدەستی ئەوانەی خێزانیان (ئەنفال) کرابوو پارچە پارچە دەکرێی، گەمە نەبوو تۆ لەکۆمپانیایەك دا بەرپرسیار بووی کەناوی (ئەنفال) بوو، ئای چ ناوێکی تۆقێنەرە بۆ کوردو ئای چ ناوێکی پڕ لەشەرمەزارییە بۆ ئەوانەی گەورەو بچوکی ئەم وڵاتەیان لەنێو بردن. بەڵام خۆشبەختانە تۆ تەققەی سەرت دێت، هەر بەخەیاڵیشت دا نایەت! کە حکومەتی هەرێم دامەزراو خەڵك بەحوکمی کورد شادبوونەوە، لەتۆ بوورین، بەڵام بوورین چییە، تۆ دەبێ هەر دەورت هەبوایە، بۆ تۆ چ تاوانێکت کردبوو؟! تۆ لەقۆناغێکی مێژوویدا کە گەلەکەت پێیدا تێدەپەڕی بەئەرکی سەرشانی خۆت هەستابوویو هەڵپەرستانە لاگیریو سەرسپاردەییت بۆ دەستەڵاتی خوێنمژ کردبوو.

زەمەن هات و رۆیشت و، تۆ دەستت لەپلەو پایەیەکی نایابی ئەم وڵاتە گیرکرد، هەموو دەمێ لەلای خۆت دەتگوت: جا چی تێدایە فلانە کەس کە دکتۆرای لەسەر حزبی سەرکردە هێناوەو دکتۆراکەشی لەدوای راپەڕینیش بووە، ئێستا لەسەری سەرەوەیە، ئەوەی لەگوتارەکانیدا بەشانو باڵی سەرۆکی فەرماندەی هەڵدەگوت، ئێستا ئەمڕۆ نەهی دەکات، ئەوانەی سەدان پێشمەرگەی قارەمانی ئەو وڵاتەیان بەزیندوویيو وەك دیاری پێشکەشی مەنزومەی شیمالی دەکرد، ئێستا نەك هەر خانوویەك بەڵکو شارێکیان بۆ دادەمەزرێنن و.. هتد، تۆ لەچاو ئەوانە چیت کردووە؟؟ هیچ!! بۆیە پاساوت بۆ خۆت و کردەوەکانی خۆت هێنایەوە. ئیتر چانست هەبوو و شەڕی ناوخۆش دەستی پێ کردوو تۆ خزایتە نێو گەمەی دەسەڵاتەوە. ئینجا بەوەش نەوەستایو لەجیاتی ئەوەی دانیشی سود لەم دەلیڤەیە وەرگرییو رابردووتی پێ بسڕییەوە، هاتی لەگۆڤارۆکەیەکدا چی رۆژنامەنووس و رەخنەگرە بەقەڵەمفرۆش و دڵڕەش و خائینت لەقەڵەم دان. دەستەکانت خۆش بێت، گەورەم، بەڕاستی ئەو دەمدرێژانەی کە دیانەوێ باس لەکەموکوڕییەکانی جەنابت بکەن لەو پلەو پایەیەتدا، هەقی ئەوەیە لوتیان ببڕدرێت و تەنانەت وا باشترە لەسێدارەش بدرێن بۆ ئەوەی ببنە پەندی زەمانە. لەکوێی دنیادا رێگەدراوە رۆژنامەنووس بێت خۆی لەکاری زاتێکی وەك جەنابت هەڵقورتێنیێو بپرسێ بۆ چی مقاوەلاتی فلانە پرۆژە دراوە بەفلانە کەس یان بۆچی ئەمە وای لێهات؟؟؟ ئەمە کەی کاری رۆژنامەنووسە، رۆژنامەنووس و ئەوەی دەزانێ بنوسێ دەبێ سود لەم ئازادییەی ئێستا وەرگرێو تابۆی دەکرێ مەدح بکات و سڵاو و دەستخۆشی بۆ ئێوە بنێرێت.

گەورەم تۆ پیاوێکی بەوەفایو کوڕانی رۆژانی رابردوشت لەمڕۆدا بێ بەش نەکردووەو کارت پێ سپاردوون. بۆیە ئەگەر قەڵەمەکەمم بەنیشتمانەکەم نەفرۆشتبایەو وەك برادەرێکی لای خۆت بمتوانیبایە بەهەزاران لەسەرۆکی فەرماندەو دوێنێی خۆمی بکڕمەوە، منیش دەهاتمە ژێر سێبەری جەنابت. بەڵام چی بکەم تازە ناتوانم بەملی شکاوم! قەڵەمەکەی خۆم بەخاك و نیشتمانەکەی خۆم فرۆشتووەو تازە ئەگەر بمەوێ لێی بکڕمەوە دەبێ گیانی خۆمی بۆ بدەم. بۆیە ناتوانم..



www.kurdistannet.org

لەکۆتاییشدا ڕێنماییەکی بچوکم بۆ ئێوەی بەڕێز هەیەو ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر بۆتان دەکرێ هەندێك پارە لەمیزانیەی ئەم چەند مانگەتان تەرخان بکەن بۆ کڕینەوەی قەڵەمی هەموو ئەو ڕۆژنامەنووسە خائین و دڵرەشانەی کە لەسەر جەنابت دەنووسن و دابەشیان بکەن بەسەر برادەرانی دەوروبەری خۆتان. بەم شێوەیە ئیتر کەس قەڵەمی بەخەراپە ناگەڕێت!

لەگەڵ ئیحتراماتی بێ حدودم

Zorba1001@yahoo.com

www.kurdistannet.org